شۆڤانانی هەسەد شارچکەی زیبان لە ڕۆژهەڵاتی سوریا کۆنترۆڵ کرد

ئەمڕۆ چوارشەممە (6ـی ئەیلولی 2023) لە یازدەیەمین ڕۆژی ئۆپراسیۆنی بەهێزکردنی ئاسایشدا لەلایەن شۆڤانانی هەسەد شارچکەی زیبان لە ڕۆژهەڵاتی سوریا "باشوری ڕۆژئاوای کوردستان" کۆتا مەنگەی چەکدارانی بنەماڵەکان کۆنترۆڵ کرا.

بەپێی میدیاکانی سەر بە هەسەد، بەشێکی زۆری چەتەکان هەڵهاتوون یان خۆیان ڕادەستی شۆڤانان کردووە.

ئەمەش لەدوای ئەوەی لە ڕۆژانی ڕابردوودا چەند هێزێکی عەرەب هەڕشیان کردە سەر بارەگاکانی هەسەد لە دەرەزێر و لە ئەنجامدا چەند شۆڤانێک گیانیان لەدەستدا، بەهۆی ئەوەی هەسەد بەرپرسێکی شاری دەرەزێریان دەستگیر کرد بە تۆمەتی بازرگانیکردننی بە مرۆڤ و ماددە هەشبەرەکان و چەند تۆمەتێکی تر.